ئیماندار لە بەهەشتدا خێمەیەکی هەیە کە لە یەک مرواری ناوبۆش دروستکراوە، درێژییەکەی شەست میلە، ئیماندار چەندەها هاوسەری هەیە دەڕواتە لای هەریەکیان، ئەوانی تر نایبینن

لە ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئیماندار لە بەهەشتدا خێمەیەکی هەیە کە لە یەک مرواری ناوبۆش دروستکراوە، درێژییەکەی شەست میلە، ئیماندار چەندەها هاوسەری هەیە دەڕواتە لای هەریەکیان، ئەوانی تر نایبینن».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی هەندێك لە نیعمەتەکانی بەهەشتمان بۆ دەکات، ئیماندار لە بەهەشتدا خێمەیەکی مەزن وفراوانی هەیە، کە لە یەك مرواری ناوبۆش دروستکراوە، پانی ودرێژیەکەی لە ئاسماندا شەست میلە، لە هەر شوێن وئاراستە وگۆشەیەك لە چوارگۆشەکانی ئەم خێمەیە؛ چەند هاوسەری هەیە، هیچیان ئەوانی تر نابینن، وئیماندار سەردانی هەموویان دەکات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8349